www.xebat.net
دووشەممە 2017/3/20 ژمارە (5235)

سوپای عێراق هیچ کوردێکی ئێزدی لەژێر دەستی داعش رزگار نەکردووە

حوسێن قاییدی: داعش راهێنان بەهەزار منداڵی کوردی ئێزدی دەکات

کۆی گشتیی ئەو ئێزدییانەی لەژێر دەستی داعش رزگار کراون تا ئێستا 2936 کەسن

بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ژێر دەستی داعش، حوسێن کۆرۆ قاییدی رایگەیاند: هەر لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ تا ئێستا لە کۆی هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی لە مووسڵ هیچ کوردێکی ئێزدی لەلایەن سوپای عێراق و هێزە عێراقییەکان لەژێر دەستی داعش رزگار نەکراون.

هەواڵێکی دوور لە راستی

بەرپرسی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی ژێر دەستی داعش، حوسێن کۆرۆ قاییدی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە دهۆک گوتی: تیرۆریستانی داعش هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی لە شنگاڵەوە بۆ مووسڵ گواستەوە لەو شارەشدا کڕین و فرۆشتنیان پێکرا، کەچی تا ئێستا تەنها 15کچ و ژنی کوردی ئێزدی لە دەست داعش رزگار کراون ئەوانیش لەلایەن هاوواڵاتییانەوە گەیەنراونەتە هێزەکانی پێشمەرگە، نەک سوپای عێراق. بەرپرسی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی ژێر دەستی داعش، ئاشکراشی کرد کە تا ئێستا هیچ کچ و ژنێک لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ رزگار نەکراون لەژێر دەستی داعش بڵاوبوونەوەی هەواڵی رزگار کردنی 250کچ و ژنی کوردی ئێزدی لە ژێر دەستی داعش لەلایەن سوپای عێراق و هێزە عێراقییەکان لە پرۆپاگەندە و بانگەشەیەکی خراپ هیچی دیکە نییە، ماوەی دوو رۆژە لێکۆڵینەوە دەکەین کە ئایا هیچ کوردێکی ئێزدی رزگار بووە لەم دوو رۆژە لەلایەن سوپاوە، کەچی بەداخەوە دەرەنجام بۆمان دەرکەوت هەواڵە دووارە لە راستی.

داوا دەکەین سیناریۆی فەلوجە دووبارە نەبێتەوە

قاییدی ڕووی قسەکانی دەکاتە سوپای عێراق و تەواوی هێزە عێراقییەکانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بەکەمتەرخەم لە رزگارکردنی کچ و ژنانی کوردی ئێزدی لە قەڵەمیان دەدات و دەڵێت: لە کۆی هەزاران کوردی ئێزدی ژێر دەستی داعش لە مووسڵ تەنها 15 کچ و ژن لەلایەن هاوواڵاتییانی دانیشتووی مووسڵەوە رزگار کراون، ئەمە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی فەلوجەمان بیردەخاتەوە کە سەدان کوردی ئێزدی لە شارەکەدا بوون کەچی شارەکە کۆنترۆڵکرایەوە هیچ کوردێکی ئێزدی لە شارەکەدا رزگار نەکران، بۆیە داوا دەکەین ڕێگە نەدەن هەمان سیناریۆ لە مووسڵ و ڕەقە دووبارە بێتەوە.

تا ئێستا 3400 کوردی ئێزدی لەژێر زوڵم و ستەمکارییەکانی تیرۆریستانی داعش دەژین

بەرپرسی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی ژێر دەستی داعش دەشڵێت: لە هەفتەی ڕابردوو تا ئێستا لە ڕێگەی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی ژێردەستی داعش لە چەندین شوێنی جیاجیا 8کوردی ئێزدییمان ڕزگار کردووە، کە 5ئافرەت و 3یان منداڵن کۆی گشتی ئەو ئێزدییانەی لەژێر دەستی داعش رزگار کراون تا ئێستا 2هەزار 936کەسن، لە هەمان کاتیشدا تا ئێستا 3هەزار 400کوردی ئێزدی لە عێراق و سووریا لەژێر زوڵم و ستەمکارییەکانی تیرۆریستانی داعش دەژین، داوا لە هەموو وڵاتان دەکەین هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ ڕزگارکردنی ئەو مرۆڤانەی کە بەردەوام لەژێر دەستی داعش دەچەوسێنرێنەوە.

ڕاهێنانی سەربازیان بە زیاتر لە هەزار منداڵی کوردی ئێزدی کردووە

بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ژێر دەستی داعش، حوسێن کۆرۆ قاییدی گوتیشی: تیرۆریستانی داعش لە شارەکانی موسڵ، رقە و تەلەعفەر لە ڕێگەی سەربازگەی ژێر زەویبەوە مەشق و ڕاهێنانی سەربازیان بە زیاتر لە هەزار منداڵی کوردی ئێزدی کردووە، ڕاهێناون لەسەر ئەوەی خۆیان بتەقێننەوە. حسێن کۆرۆ قاییدی ئاماژە بەڕۆژلی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەردەوام ڕێنمایی و زانیاری نوێمان پێدەدرێت بۆ ڕزگارکردنی کچ و ژنانی کوردی ئێزدی لە دەست داعش. بەپشتیوانی سەرۆکوەزیران، نێچیرڤان بارزانی شەو و ڕۆژمان خستووەتە سەربەک تاوەکو بتوانین هەموو ئەو کچ و ژنانە ڕزگار بکەین کە ڕۆژە ڕەشەکانی ژیان بەهۆی داعشەوە بەسەر دەبەن، جا لە موسڵ بێت یان ڕەقە بێت لە هەر شوێنێکی دونیا بێت.

مەترسیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بنەما

بەرپرسی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی کوردی ئێزدی داوا لە هەموو لایەنێک دەکات کە پێش نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی کوردی ئێزدی نەکەون و هەواڵی بێ بنەما بڵاونەکەنەوە لە مالپەڕ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، گوتی: داواش لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم تا پشتڕاست نەبنەوە هەواڵەکان لەبارەی ڕزگار کردنی کچ و ژنانی کوردی ئێزدی بڵاونەکەنەوە، چونکە ئەمە زیان بە ئەو کچ و ژنانە دەگەیەنێت کە تا ئێستا ڕزگار نەکراون، لەوانەیە گۆڕانکاری لە ستراتیجییەتی مامەڵەکانی داعش بەرامبەر بەکوردی ئێزدی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لە قەڵادزێوە تا کەرکووک

پەکەکە چالاکیی سەربازیی هەیەو خانەسۆریشی کردووە بە سەربازگە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، پەکەکە لە سنووری ناوچەی ڕاپەڕین تا دەگاتە کەرکووک دەستی داوەتە چالاکیی سەربازی. سەرۆکی ئەنجومەنی شنگالیش گوتی، پەکەکە خانەسۆری کردووە بە سەربازگە. نەجات حەسەن بەرپرسی لقی 11ی پارتی لە ڕاپەڕین بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەکەکە لە سنووری ئێمە بە ئازادی و بە ئۆتۆمبێلی مێک زەمێن دێن و دەچن و، ناوچەیەکیان داگیرکردووە کە 42گوندی کەوتووەتە سنووری ئێمە، هەر لە ناوچەکانی "سەرشیو، مەرەدۆ، قەڵاتوکان، لێوژە... هتد" و جموجۆڵی تێدا دەکەن. نەجات حەسەن ئاشکراشی کرد کە، پەکەکە بە شەواڵ دێنە ناو شاری قەڵادزێ و، چەند شەوێک پێش ئێستایش پێداویستیی خۆراکیان کڕیوە، ئەوان بە چەکەوە لەناو شار دەسوڕێنەوە و دەیان گوندی ناوچەکەشیان بەدەستەوەیە و لە هەندێک شوێن بازگەیشیان داناوە. گوتیشی: لە ڕانیەوە بۆ سنووری کۆیە، لەوێیشەوە بۆ ناحیەی تەقتەق و سنووری پارێزگای کەرکووک، هێزەکانی پەکەکە جموجۆڵیان هەیە.

پەکەکە جیا لەوەی هەماهەنگییەکی زۆری هەیە لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ مانەوەی شنگال لەسەر عێراق و جیاکردنەوەی لە کوردستان، کە بە ئاشکرا لە کەناڵەکانی ماڵیکی و غەیری ئەویش سەرکردەکانی ئەو حزبە دەڵێن "ئێمە نەک کوردستانی نین، بەڵکو کوردیش نین". بووەتە تفەنگێکی شەڕکەری دەستی نەیارانی کورد. لەمبارەوە سەرۆکی ئەنجومەنی شنگال ئاماژەی دا، کە تادێت پەکەکە هێزی خۆی لە خانەسۆر کۆ دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە: پەکەکە دەیەوێت شنگال و خانەسۆر لە کوردستان دابڕێت.

وەیس نایف سەرۆکی ئەنجومەنی شنگال گوتی: لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە پەکەکە هێزی زۆری هێناوەتە خانەسۆر و چەک و تەقەمەنیشی ڕەوانە کردووە؛ ئێستا دەیەوێت ئیدارەی نوێ بۆ خانەسۆر دروست بکات و لە هەرێمی کوردستانی دابڕێت و بیخاتە سەر کانتۆنەکانی خۆی. هەڵبەت لە شنگالیش هەمان سیاسەت دەکات، بە ئاڕەزووی خۆی هێز دەجوڵێنێ و چەکدار دەهێنت و دەبات، ئاشکرایە کە ئەجێندایەکی دەرەکی لە شنگال جێبەجێ دەکات و خانەسۆری کردووەتە سەربازگە.

بەرپرسێکی گۆڕان دەیەوێت گەنجانی خەلیفان بۆ حەشدی شەعبی تۆمار بکات

هەڵگورد حیکمەت: هەر هێزێک لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بێت، نایاسایی و ناشەرعییە

حکوومەتی عێراق لە ڕێی بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، دەیەوێت لە ناحیەی خەلیفان خەڵک چەکدار بکات؛ بەڕێوەبەری شارەدێکەش دەڵێت، ڕێگریان کردووە لە تۆمارکردنی خەڵکی ناوچەکە. گوتیشی، بە هیچ شێوەیەک ڕێ نادەن خەڵکی ناوچەکە بۆ هێزێک ناونووس بکرێت، کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە نەبێت. کاروان کەریم خان بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: 'چەند ڕۆژێکە لە سنووری ناحیەی خەلیفان، سەر بە قەزای سۆران، فۆرمێک بۆ تۆمارکردنی ناوی گەنجانی ناوچەکە بۆ نێو حەشدی شەعبی تۆمار دەکرێت، کارەکەش لەلایەن ئەندامێکی جڤاتی گۆڕانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بە گوتەی ئەو بەرپرسەی گۆڕان، گوایا ناو تۆمارکردنەکە بۆ پاسەوانیی سنوورە و لەلایەن بەغداوە ڕاسپێردراوە خەڵکی ناوچەکە چەکدار بکات، بەڵام لەژێر هەرناوێکدا بێت، ناونووسینەکە بۆ ڕێزەکانی حەشدی شەعبییە و هەرهێزێکی دیکەی دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تۆمار بکرێت، ڕێگریشمان لەو حکوومەت بەهیچ شێوەیەک ڕێ نادەین لە سنووری ئێمە خەڵک بۆ ڕێزەکانی حەشدی شەعبی و هەرناوێکی لێ دەنێن ئارەزووی خۆیانە. هەڵکەوتەی جیۆگرافیای خەلیفان وایە کە کەوتووەتە سەرڕێی هاملتۆن و زیاتر لە 50گوندی لەخۆ گرتووە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای سۆرانە، لەوێدا گۆڕان دەیەوێت، خەڵکێک بۆ نێو حەشدی شەعبی پەلکێش بکات و فریویان بدات، بەڵام کاروان کەریم خان گوتی: ناهێڵن لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە لەو دەڤەرەدا دروست بکرێت و ئاماژەیشی دا: زانیاریی ئەوەمان لا نییە، چەند کەس ناویان تۆمارکراوە، بەڵام وەک فۆرمە کردووە، چونکە مادام لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەیە، دەچێتە چوارچێوەی دەرەوەی یاسا و قبوولی ناکەین.

لەلایەکی دیکەشەوە لەبارەی ناونووسکردن بۆ حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری هۆشیاری و ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، وەزارەتی پێشمەرگە تاکە دامەزراوەی پەیوەندیدارە بە هێزە چەکدارەکانی هەرێم، بۆیە هەر هێزێک لەدەرەوەی ئەم وەزارەتە بێت، نایاسایی و ناشەرعییە.

شێخ جەعفەر: ناونووسکردنی کورد بۆ حەشدی شەعبی لە خیانەت گەورەترە

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێ، هەرکوردێک مسقاڵێک هۆشی هەبێت، بەهیچ بیانوێک ڕوو لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی ناکات.. دەشڵێت، ئەگەر ئەم ناونووسکردنە بۆ مەسەلەی سیاسی و کارکردن لەدژی کورد بەکار بهێندریت، ئەوا دەکەوێتە خانەی خیانەت و لە خیانەتێش گەورەترە. شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و فەرماندەی یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگە بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەم قەیرانە ئابووریەی ئەمڕۆ ڕووی لە هەرێم کردووە و نەبوونی کار، بووەتە هەڵێک تا حەشدی شەعبی بیقۆزێتەوە و گەنجانی کورد بەنە نێو ڕیزەکانیانەوە، ئەوانەشی تا ئێستا پێوەندییان بە حەشدەوە کردووە، هەستی نەتەوایەتییان لاوازە و وەدوای پارە کەوتوون. بەڵام پێویستە دوژمنان ئەم ڕاستییە بزانن، بەدرێژاییی مێژوو هەرکاتێک هەڕەشەیەک بۆ سەر کوردستان گەورە بووبێتەوە، کورد بەگشتی ڕووبەڕووی بوونەتەوە و ڕیزەکانی دوژمن چۆڵ کراوە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕوونی کردەوە: پەلکێشکردنی گەنجانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی حەشد پیلانە، چونکە ڕکابەرییەکی سیاسیی زۆر گەورە لە عێراقدا هەیە و، چەندین جۆر حەشدی شەعبی هەیە. بەشێکی سەر بە مەرجەعییەت و وەزارەتی دیفاعە، هەشیانە سەر بە لایەن و گرووپی ترن. کە هەریەکەی بیر و باوەڕ و پلانێکی هەیە و جێبەجێی دەکات، بەڵام هەموویان لە ئاست کورد و دەستکەوتەکانی کورد کۆدەنگن.

جەختیشی کردەوە: ئەگەر ئەم ناونووسکردنە بۆ مەسەلەی سیاسی و کارکردن لە دژی کورد بەکار بهێندریت، ئەوا دەکەوێتە خانەی خیانەت و لە خیانەتێش گەورەترە. خۆ هەرکوردێک مسقاڵێک هۆشی هەبێت، بە هیچ بیانوێک ڕوو لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی ناکات.

بەرپرسیارێتی یەکێتی: هەرکەسێک ببێتە حەشدی شەعبی جاشە

بەرپرسانی یەکێتی لە سنووری هەڵەبجە و شارەزوور سەبارەت بە ناونووسکردنی هاونیشتمانیان بۆ نێو حەشدی شەعبی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی گفتوگۆیان کردووە و جێگری مەڵبەندی 9ی شارەزووری یەکێتیش لە زاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیەوە دەڵێت: هەرکەسێک لە هەرێمی کوردستان ببێتە حەشدی شەعبی جاشە. ئەحمەد قەدەفەری، جێگری مەڵبەندی 9ی شارەزووری یەکێتی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: حەشدی شەعبی هیچ فەوج و لیوایەکی لە سنووری شارەزوور و هەڵەبجە نەکردووەتەوە، بەڵام ناونووسین دەکرێت و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانیش هەیە. ئەحمەد قەدەفەری گوتیشی: نەمبیستووە هیچ بەرپرسێکی سەربازی ئێستا و پێشووی یەکێتی چووبێتە نێو حەشدی شەعبی، ئەوەشی کە ئێستا دەگوزەرێت کاردانەوەی بە پێشمەرگەکردنی عەرەب و دروستکردنی لەشکرێکە بەناوی ڕۆژ، بێکاریش یەکێکە لە هۆکارەکانی دیکە. جێگری مەڵبەندی 9ی شارەزووری یەکێتی تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد "سەبارەت بە ناونووسکردن بۆ چوونە نێو حەشدی شەعبی، لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی قسەیان کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون، هەرکەسێک ببێتە حەشد، جاشە". ماوەی چەند ڕۆژێکە حەشدی شەعبی دەستی بە ناونووسکردنی هاونیشتمانیان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و شارەزوور کردووە بۆ پەیوەندیکردن بەو ڕێکخراوە چەکدارەوە.